# هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت ؛ هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت ؛ هەتاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئیمانی کامڵ نایەتە دی هەتاوەکو مسوڵمان ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش بێت ؛ لە پەرستنەکان وخێر وچاکەکانی دونیا ودواڕۆژ، وئەوەی بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ برای مسوڵمانیشی پێی ناخۆش بێت، بۆیە ئەگەر بینی براکەی کەمتەرخە لە ئاینداریدا؛ پێویستە کۆشش بکات بۆ چاککردنەوەی، وئەگەر بینی لەسەر خێر وچاکەیە پێویستیە یارمەتی بدات وپشتیوانی بکات، وئامۆژگاری بکات لە بابەتەکانی ئاین ودونیادا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4717

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee